گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 1–10, Mar.-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# پراگماتیکی نیشان و ئادرێس لە زمانی کوردیدا

دیار علی کمال* و تالیب حسین عەلی
بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان — عێراق (darya80s@gmail.com)

وەرگرتن:2017/12 پەسەندکرن: 2018/03 بەلاڤکرن: 2018/03 https://doi.org/10.26436/2018.6.1.538

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناسینی وشە و زاراوەکانی نیشان و ئادرێس و جیاوازی، لێکچون و تایبەتمەندی هەریەکەیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی زمانیدا. خستنەرویەکی وەسفیشە بۆ ئەو گۆرانە واتاییانەی بەسەر ئەم وشانەدا دێن لەکاتی بەکارهێناندا بە پێی دەرکەوتن و دەوروبەرەجیاجیاکانی بەکارهێنان لە زمانی کوردیدا. توێژینەوەکە لەوە سەرچاوە دەگرێ کە وشەکانی نیشان و ئادرێس تارادەیەك تێکەڵن و لە بەکارهێناندا سنور و تایبەتمەندییان روندەبێتەوە بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تایبەت بە هەڵسوکەوتی نیشان و زاراوەکانی ئادرێس و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەندێ دیاردەی واتایی نزیکی تردا بە پێویست زانرا.
ئەم توێژینەوەیە جگە لە دەروازە و ئەنجام بەسەر سێ پاردا دابەش بووە:
پاری یەکەم: لەم پارەدا هەوڵدەدراوە بەگشتی وەسف وپەسنی نیشان و ئادریس بکرێ، هەروەها چەند بابەتێکی تایبەت بە واتاسازی و پرۆسەی ناوناون بخرێتەروو، لەگەڵ ئاماژە و چرکردنەوەی ئامازەو زاراوەکانی بواری چرکردنەوەی ئامازە، پاشان باسکردن لە( ناو و نیشان) و( ناو و ئادرێس).
پاری دوەم: شیکردنەوەیەکە بۆ هەڵسوکەتی واتاییانەی نیشان و زاراوەکانی ئادرێس لە کردەی پەویوەندیکردنی زمانی و جیاکردنەوەی نیشان و ئادرێس و ناسناو لەناوخۆیاندا و دیاریکردنی سنوری تێکەڵ نەبونیان.
پاری سێیەم: تیشکدەخاتە سەر میتافۆری نیشان و ئادرێس، هەروەها ئاماژە بەو جۆرە دەربرینە میتافۆرانەش دەکا کە لەگەڵ بەکارهێنانە فەرهەنگییەکاندا بەرامبەریان ناوەستن، هەر لە توێژینەوەکەدا هەوڵدەدرێ ئەو جولەیە دیارببکرێ کە لە نێوان نیشان و ئادرێسدا هەیە، لەگەڵ پەرینەوەیان لە سیمانتیکەوە بۆ پراگماتیك، واتە لێرەدا جەخت لەسەر ئەو وشە و زاراوانە دەکرێتەوە کە ئاستی سیمانتیکیان بەزاندووەو واتای پراگماتیکییان بە هەر دوو ئاراستەی رێزداری، یان بێرێزی دەربرینەکە لێکەوتۆتەوە. هەروەها لە توێژینەوەکەدا ئاماژە بەو دیاردەیەش دەکرێ کە لە هەندێ باردا وشە و دەربرینە زمانییەکانی نیشان و ئادریس دەبنە ناو (proper name). ئەنجامی توێژینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا خراوەتەرو.

**پەیڤێن سەرەکی:** نیشان، ناونان، ئادرێس، ناسناو، مێتافۆر.

## 1.دەروازە

### 1.1. ناونیشان و سنوری توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەژێرناونیشانی (پراگماتیکی نیشان و ئادرێس لە زمانی کوردیدا) ئەنجامدراوە، سنوری توێژینەوەکە پراگماتیکی دیاردەکە دەگرێتەوە.

### 2.1. رێبازی توێژینەوە:

توێژینەوەکە پەیرەوی لە رێبازی وەسفی کردوە و لەهەندێ جێگەدا ئەگەر ئاماژەی بە لایەنی دایاکرۆنیکی هەندێ نمونەدابێ، بەلاّم وەك خستنەرو ئاوری لەم رێبازە نەداوەتەوە.

### 3.1. کەرەستەی توێژینەوە:

کەرەستەی و داتای توێژینەوەکە لە شێوەی کوردی ناوەڕاستی زمانی کوردییە وەرگیراون، سەرچاوەی نمونەکانیش توێژەرانن.

### 4.1. گرفت وپرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەو گرفتەوە سەرچاوە دەگرێ کە وشەکانی نیشان و ئادرێس ناجێگیرن . شوناس و تایبەتمەندییەکانیان لە بەکارهێناندا بەدیاردەکەون و لە ئاستی سیمانتیکەوە دەپەرشنەوە پراگماتیك. لێرەشەوە توێژینەوەکە هەوڵدەداهەولّدەدا وەلاّمی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە :

– وشە و دەربرینەکانی نیشان و ئادریس چین ؟

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

– دەربڕینەکانی نیشان و ئادریس چ پەیوەندییەکیان بە کردەکانی ناونان و چڕکردنەوەی ئاماژەوە هەیە؟

– دەربڕینەکانی نیشان و ئاماژە چۆن دەپەڕنەوە پراگماتیک ؟

– کۆنتێکست چ رۆڵێك دەبینێ لە لێکدانەوەی واتا پراگماتیکییاندا ؟

–نیشان و ئادرێس چۆن دەبنە مێتافۆر؟

### 5.1. گریمانەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکا پەڕینەوەی وشەکانی نیشان و زاراوەکانی ئادرێس لە سیمانتیکەوە بۆ پراگماتیك بە ئاراستەی ستونی، بەرەو سەرەوە و بەرەو خوارەوە رودەدەن و مەبەستە پراگماتیکییەکانی بەکارهێنان رونی دەکەنەوە کە ئامانجی پەرینەوەکان بێلیەنین ، رێزدارین یاخود بێڕێزی.

## 2.پاری یەکەم

### 1.2. واتاسازی و پرۆسەی ناونان

**1.1.2. ناو و ناونان:** بابەتی ناو و ناونان بە یەکێك لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێ، کە لە ژیانی مرۆڤدا بەگشتی ولە ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵدا بایەخێکی زۆر و تایبەتی پێدەدرێ، بەو پێیەی کە ناو دەبێتە نیشانەیەك بۆ ناولێنراو، واتە دەبێتە هێمایەکی تایبەت بەو کەسەی کە ناوەکەی لێنراوە و جیایدەکاتەوە لە کەسانی دیکەی ناو کۆمەڵگە، ناونان ئاماژەیەکیشە بۆ کەسەکە بەوەی لە کەسانی دیکە جیایبکاتەوە، بەجۆرێك ئەوانەی دەوروبەر لێی تێبگەن و بزانن ئەو کەسە کێیە. بەمەش دەکرێ ناوەکە ببێتە پێناسەی کەسەکە و بۆی بگەڕێتەوە. هەر لە ڕێگەی ئەو ناوەشەوە دەکرێ پەیوەندی لەگەڵیدا بکرێ بۆ هەر مەبەست و کارێك، واتە پرۆسەی پەیوەندیکردن و لێکگەیشتن لەپاش هاتنەئارای توخمەکانی بازنەی پەیوەندیکردن، پشت بە ناونانی توخم ،جەمسەر و بەشداربوانی دەبەستێ.

هەر لەسەرەتای توێژینەوە زمانییەکانەوە ئەو پرسیارە خۆی دەرخستوە کە ئایا (ناو)ەکان واتایان هەیە یان نا؟ زۆربەی زمانەوانەکانیش هەر لەسەرتاوە لەسەر ئەوە کۆکن کە ناوەکان _ یاخود ئەو وشانەی دەبنە ناوی تایبەت بۆ کەس و شتەکان_ واتایان نییە بەڵکو ئەرکی ئاماژە ئەنجام دەدەن ( 276:2007: Anderson) ئەمەش لەبەر ئەوەی لەکاتی ناوناندا لەڕوی واتای فەرهەنگییەوە ناچالاك دەکرێن، مەبەستی سەرەکی لە ناونان چڕکردنەوەی ئاماژەکردن[1] و ناسینەوەیە.

سەرچاوەی سەرەکی ناونان لەڕوی زمانەوە ئاماژەیە، بە پێی بنەمای مەبەستی شوناس بەخشین و ناسینەوەی مەبەست: (19:2000: Yule). ئەم بۆچونەی یۆڵ جەخت لە پەیوەنداربونی ناو دەکاتەوە بە ئاماژەوە لەچوارچێوەی پەیوەندی و هاریکاری کۆمەڵایەتی نێو ئەوکەسانەی هاوزمان یان هاوکەلتورن لە هەنگاوی یەکەمدا، لە دواتریشدا ناو دەبێتە ناسنامەیەك بۆ ئاماژەکردن ناسینەوەی ناونراو لەدەرەوەی زمان و کەلتورەکەی خۆیشیدا.

ناو یان ئەو ناوانەی کە لە تاکەکانی کۆمەڵگا دەنرێن دەربڕینە لە ناسنامە و ئینتمای کەسەکە بۆ ئەو کۆمەڵگەیە، هەروەها پەیوەندییەکی پێکەوە ژیانی نێو کۆمەڵە کەسێك و خێزان پێکەوە گرێدەدا یان دەبەستێتەوە ( محمد فخرالدين ، 2012)

کاتێك لە نێو خێزانێکدا منداڵێك لەدایك دەبێ، خێرا دایك و باوکی، یان کەسوکاری منداڵەکە ئەوەی بە بیریاندا دێ و هەوڵی بۆ دەدەن لە ناوێك بگەڕێن، یان پێشتر ناوێکیان ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵە نوێیەکە و ویست و ئارەزوی خۆیاندا بگونجێ، دەبینین ئەم کارە بە پێشینە و سەرەتای گرنگی ناونان دادەنرێ، بێگومان ئەمەش بەپێی خێزان و کەسوکاری منداڵەکە دەگۆڕێ، بۆ نمونە لای هەندێ خێزان ناوی نوێ گرنگە، لای هەندێکی تر واتای ناوەکە گرنگە، خێزانیش هەیە پەنادەباتە بەر ناوی باوباپیران .......تاد ، مەبەستە لاوەکییەکانی ناونان لەڕوی کۆمەڵایەتی و دەرونییەوە هەرچییەك بێ، مەبەستی سەرەکی پرۆسەکە مەبەستێکی واتایی– زمانییە، بۆ نیشانکردن و جیاکردنەوە و ناسینەوە. ئەم توێژینەوەیەش مەبەستی سەرەکی ناونانی کردۆتە بنەما.

**2.1.2. چەمکی نیشان و ئادرێس :** نیشان (title) وەك هەر زاراوەو کەرەستەیەکی فەرهەنگی دیکە لە زماندا چەند پێناسەیەکی لەبەرامبەردا دانراوە، بەوەی کە لە زۆر بوار و بابەتی جیاجیا بەکاردەبرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری پێناسەکان تاڕادەیەك لایەنی لێکچون و نزیکیان زیاترە لە جیاوازی، ئەوەی لەم بارەدا پێویستە تیشکی بخەینەسەر ئەو پێناسانەیە کە پەیوەستن بە نیشانەکانی تاکەکەسەوە، چونکە پێناسەکانی دیکە زیاتر پەیوەستن بەلایەن و بواری یاسایی یان هونەری، یان پەیوەندییان بە بابەتەکانی وەك : دانانی پەرتوك ، هونراوە، میوزیك، وێنەکێشانەوە هەیە ....... تاد .

نیشان ناونانێکی پەسنی(وەسفی)یە، یان ناونانێکی جیاوازە، بەتایبەتی ئەو ناوەی کە کەسێك دەگرێتەوە لە میانەی ئەو مافەی کە هەیەتی لە پلە،بەدەستهێنان و ئەرکی بیرۆکراتی. بەم پێیە نیشان دیاریکردنێکی فەرمییە وەکو : کاك ، خانم/ خاتو ، شاجوان / شاژن .....تاد.

نیشان و ئادرێس دو زاراوەی تەکنیکی نزیکن و وەك چەمکیش پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، پەیوەندی نێوان نیشان و ئادرێس، بەکارهێنان و مەبەستە جییاجیاکانی واتای پراگماتیکی زمان دروستی دەکەن، پەیوەندی سەرەکی نێوان نیشان و ئادرێس پەیوەندی سەرپێبونە و نیشان بەشێکە لە ئادرێس لەکاتی ئاخاوتنی راستەوخۆ و ڤۆکەتیڤدا.

کردەی ئادرێسکردن لەزماندا بەم رێگەیانە دێتەدی[2]: بەکارهێنانی نیشان، ناوی یەکەم، ناوی کۆتایی ، ناوی یەکەم و کۆتایی، یان لێکدانی هەریەك لەمانە یاخود بەکارهێنانی هیچکام لەمانە( Misbah:2001: 343). بە شێوەیەکی گشتی نیشان ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دەبنە ناو بۆ پیشە و پۆلینکردنە چینییە کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و ئاینییەکان. لەم نێوەندەشدا بەشێکی زۆر لە نیشان تایبەتن بەو نیشانانەی کە کار و پیشە دەگرنەوە لەگەڵ نیشانە کۆمەڵایەتییەکان. رەنگە نیشانە پیشەی و کۆمەڵایەتییەکان بلاوترین جۆری نیشان بن.

هەر لە کۆنەوە خەڵکەکە وا راهاتون نیشانی کۆمەڵایەتی یان پیشەیی وەربگرن و هەندێجار شانازیشی پێوەبکەن.

هەندێجار وا رێك دەکەوێ نیشانە پیشەییەکان لە پاش خاوەنەکانیان بۆ نەوەکانیان بەکاردبێن. ئەگەر نەوەکان خاوەن هەمان پیشەی پێشینانی خۆیان بون و هەمان نیشانیانیان بەکارهێنایەوە ئەوا وشەکە هەر لە سنوری نیشاندا دەمێنێتەوە و ئەگەر نەوەکان خاوەن هەمان ئەو پیشەیە نەبون تەنیا هەڵگری وشەی نیشانەکە بون لەم بارەدا نیشان دەبێتە ناسناو[3] و لە کوردیدا دەکەوێتە دوای ناوەکە وەك: فەرهاد پیربالْ قەساب، عەبدولاْ حەداد، بەدیعە دارتاش.... تاد. (نیشان)ە کۆمەڵایەتیەکانیش بریتین لەو وشە و زاراوانەی کە ئاماژە بۆ جۆری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەکەن، کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر ، بەوەی کە ئەو پەیوەندییە فەرمییە، یان پەیوەندییەکی نافەرمییە. واتە نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دەربڕی بار و پەیوەندیی هاورییەتی و هۆگربونی نێوان کەسەکانە یان بە پێچەوانەوە، هەرچی پەیوەندیی فەرمییە خۆی لەو دەربڕین و شێوازانەدا دەبینێتەوە کە بەشێوازی ستایشکردن بەکاردەبرێ لەگەڵ ئەوانەی کە لە تەمەن و پایەدا گەورەترن لەنێرەر ، یان لەبەرچاوگرتنی ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتییەی کە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش لە نیشان و ئادرێسدا بەرجەستە دەبێ، وەکو : خاوەن شکۆ ، ئەحمەد پاشا، سەلیم بەگ ، حەمەئەمین ئاغا ، خاتو شیلان ...تاد. هەرچی پەیوەندیی نافەرمییە تەنیا بە بانگکردنی ناوەکە دەبێ (محمود أحمد:2002: 25). لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی دەسنیشانکردنی جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران مەسەلەیەکی رێژەییە و لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر دەگۆڕێ، لەرووی دوری و نزیکی ئاخێوەران لە یەکتری چ ئەو دورییە یان نزیکییەوە مادی بێ یان کۆمەڵایەتی یان دەروونی (أرمینکو، فرانسوا:1987: 42 ). بەشێوەیەکی گشتی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دوو خاڵ بەندن :

1– پەیوەندی کۆمەڵایەتی ( نزیك یان دوور ) ی ئەو کەسانەی، کە رۆڵ و بەشداربوونیان لە قسەکردنەکەدا هەیە .

2– چەشن و جۆری ئەو بابەتەی لەنێوان نێرەر و وەرگردا باسدەکرێ ( ئاڤێستا کەمال: 2009: 38 ) .

## 3.پاری دووەم

### 1.3. نیشان وئادرێس لە پەیوەندیکردندا

لە بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی زانستی زمان بەگشتی و واتاناسیی بەتایبەتی، زاراوەی (نیشان و ئادریس[4]) یاخود (نیشان و زاراوەکانی ئادرێس) پێکەوە بەکاردێن و راڤەدەکرێن، ئەمەش بۆ ئەوپەیوەندییە رۆنانیی یان ئۆرگانییە دەگەرێتەوە کە لە نێوان نیشان و زاراوەکانی ئادرێسدا هەیە، بەوپێیەی نیشان بەشێکە لە ئادرێس، ئەگەر بکەوێتە دۆخی بانگکردن[5](Vocative)ەوە، ئادرێسیش بەشێکە لە بانگکردن[6]. لێرەوە ئەوە دەردەکەوێ کە ناو لە کردەی پەیوەندیکردندا زۆرجار پێویستی بە نیشان دەبێ و ئەگەر (نیشان پێدراو) کەسی دووەم ( وەرگر– یان گوێگر) بێ دەبێتە ئادرێس، ئەم دیاردەیەش لەهەردە جۆری پەیوەندیکردنی گەتەیی و ناگوتەییدا رەنگدەداتەوە[7].

هەر جۆرە پەیوەندیکردنێکیش ئەو مەبەست و واتایە لەخۆدەگرێ، کە لەپرۆسەی گواستنەوەی هەر پەیامێکدا لە نێوان نێرەر و وەرگردا ئەنجامدەدرێ و بە لەبەرچاوگرتنی بەدیهێنانی رادەی تێگەیشتنی نێوانیان، بۆ ئەوەی ئەو نیشان و ئادرێسانەی کە لەزماندا هەن و لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەشێوەیەکی لەبار و دروست لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بەکاربرێن، پێویستە ئەم لایەنانەی خوارەوە بەهەند وەربگیرێن :

1– هەر نیشانێك یان ئادرێسێك لە میانەی پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەبێ رون و دیاربێ، واتە لە ئاست و سنوری شارەزایی و تێگەیشتنی ئەو کەسانەدا بێ ، کە بەکاریدەهێنن .

2– ئەو زانیارییانەی کە پەیوەستن بە نیشان یان ئادرێسەوە لای ئاخێوەرانی زمان بەپێی بارودۆخی ئاخاوتنەکە دیارییکرێ، واتە دەکرێ لە هەر دوو ئاستی سیمانتیکی و پراگماتیکیەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ .

بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ ئەو نیشان وئادرێسانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن و لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا لە نێوان ئاخێوەراندا بەکاردەبرێن، بە هۆی چەند رێگەیەکی جیاوازی تایبەت بە نیشانکردنی خەڵکییەوە بن، کە پشت بە هەر دوو لایەنی پەیوەندی نێوان بەشداربوان و بارودۆخی ئاخاوتنەوە دەبەستێ. ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەکی بەکارهێنانە لە چوارچێوەی کردەی پەیوەندیکردندا، پەیوەندیکردنی زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی– دەرونی ئاڵۆزە و لەروی سروشت و جۆری پەیوەندییەوە دەکرێ دابەشی چەند جۆرێك بکرێ[8]:

یەکەم: پەیوەندیکردنی فەرمی:

ئەویش دەبێتە دو جۆر:

1 – پەیوەندیکردنی ستونی: ئەوجۆرە پەیوەندیکردنەیە کەبە ئاراستەیەکی ستونی بەرێوەدەچێ بەشێوەیەکی گشتی لەپیوەندی نێوان بەڕێوەبەری کار و فەرمانبەرەکاندا دەبینرێ ، پەیوەندی ستونی دوو دەرکەوتەی هەیە:

ا– لەسەرەوە بۆ خوارەوە: ئەو جۆرەیە کە ئاراستەی پەیوەندیکردن تیایدا ئاخێوەر(نێرەر) لە ئاست و پێگەیەکی کۆمەلآیەتی، ئەکادیمی یان بیرۆکراتی بەرزتردا دەبێ لە وەرگر، لەم دەرکەوتنەشدا– ئەگەر سیمانتیك نەبەزێنرابێ–بەکارهێنانی نیشان بێلایەن نییە و گوزارشت لە پابەندبونی فەرمی دەکا کە ئەمەش لە سیستەمی ژیانی شارستانیدا رێزداری دەگەیەنێ.

(1) مولازم ئاری تکایە راپۆرتی لێکۆڵینەوەکەم بۆ بێنە.

(کاتێك ئەفسەرێکی پلە بەرزتر لە مولازم ئەم ئاخاوتنە دەردەبرێ)

(2) مامۆستا کارزان بۆ توێژینەوەکەت ئەم سەرچاوانە بەکاربێنە.

( کاتێك پرۆفیسۆرێك ئەم ئاخاوتنە دەردەبڕێ)

ب– لە خوارەوە بۆ سەرەوە: ئەو جۆرەیە لە ئاراستەی پەیوەندیکردن کە تیایدا ئاخێوەر (نێرەر) لە ئاست و پێگەیەکی کۆمەلآیەتی، ئەکادیمی یان بیرۆکراتی نزمتردا دەبێ لە گوێگر(وەرگر)، بەهەمان شێوە لەم دەرکەوتنەشدا – ئەگەر سیمانتیك نەبەزێنرابێ– بەکارهێنانی نیشان بێلایەنانە نییە و رێزداری و پابەندبون دەگەیەنێ.

(3) مامۆستا کارزان دەتوانم لەم تاقیکردنەوەیەدا مۆڵەت وەرگرم؟

(کاتێك قوتابی ئەم رستەیە بە مامۆستاکەی دەڵێ)

لەهەردوو دەرکەوتنیشدا دەکردێ وشەی رێزداری زیادبکرێ لە پێش نیشانەکاندا و ناوەکانیش دەکرێ ناوی یەکەم یان ناوی یەکەم و دووەم و ناسناویش بن .

2–پەیوەندی ئاسۆیی: ئەو جۆرە پەیوەندیکردنەیە کە بە ئاراستەیەکی ئاسۆیی بەرێوەدەچێ لە ناو ئەو تاکانەی کۆمەڵدا کە لە روی کۆمەلآیەتی، پیشەیی و ئەکادیمییەوە لە هەمان پێگە و باردان، وەك هاورێ، ئەندامانی خێزان، هاوپیشە و هاوپۆل....تاد. بەشێوەیەکی گشتی و لەچوارچێوەی سیمانتیکدا بەکارهێنانی نیشان لەمجۆرەی پەیوەندیدا نییە و ئەگەر نیشان لە پەیوەندی ئاسۆییدا بەکار هات ، ئەو ئاخاوتنە سیمانتیك تێدەپەرێنێ و دەکرێ نیشان لەو کۆنتێکستەدا واتای پراگماتیکی بەدەستەوە بدا ، بۆ نمونە کاتێ ژنێك لە ناو ماڵەوە بە مێردە مامۆستاکەی دەڵێ:

(4) مامۆستا شەماڵ ئەمە وەختە هاتیەوە؟

ئەم ئاخاوتنە واتای پراگماتیکی نێگەتیڤی دەبێ بە پێی ئەو کۆنتێکستە نازمانییە کە تیایدا بەکاردێ.

دووەم: پەیوەندیکردنی نافەرمی:

ئەو پەیوەندییە کە لە دەرەوەی سیستەم، نۆرم و ئەتەکێتی دامەزراوە فەرمی و کۆمەلآیەتییەکاندا بەڕێوەدەچێ و ئاخاوتن لەم بارەدا پابەند نییە بە پرنسیپەکانی سیمانتیکەوە بۆیە لێرەدا بەکارهێنانی نیشان و ئادرێس بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەسەلآتی بەشدرابوانی بارزنەی ئاخاوتنەوە و بە پێی کۆنتێکست واتای پراگماتیکییان لێ دەکەوێتەوە. هەرچی سەبارەت بە ناوی یەکەم ، ناوی کۆتایی، خێزانی، یان ناسناوە ئەوا لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە لە تۆمارکردنی ناو و ناوهێناندا پێویستە پشت بە بارو جۆری پەیوەندیکردنە زمانییەکە ببەسترێ، واتە ئەو کۆنتێکستە زمانیی و نازمانییەی پرۆسەکەی تێدا ڕودەدا.

ئەوەی لەم بوارەدا پەیوەست بێ بە بەکارهێنانی ناوەوە ئەوەیە ناو لە چەند حاڵەتێکدا بەکاردێ، لەهەمو ئەو بارو حاڵەتانەشدا پشت بە مەبەستی جیاواز دەبەستێ و واتای پراگماتیکی جیاواز لەو مەبەستانەوە سەرچاوە دەگرن. بەمشێوەیەی خوارەوە:

أ– بەکارهێنانی ناوی یەکەم وەك ئادرێسکراو :

بەکارهێنانی ناوی یەکەم بەزۆری لە باری نافەرمی و هاورێیەتیدا بەکاردەهێنرێ و لەمبارەدا بەکارهێنانی ناوی یەکەم لەڕوی واتاییەوە بێلایەنانە(نیوترال)یە[9] . بۆ نمونە:

ب– بەکارهێنانی ناوی یەکەم وەك ئادرێسنەکراو:

بەگشتی لەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ کەسی دوەمدا، بەکارهێنانی ناوی یەکەم بە بێ نیشان، بێلایەنانەیە و دەشێ ئەم بەکارهێنانە لەسەر بارودۆخەکە بوەستێ، بەوەی لە هەندێ کۆنتێکستدا ببێتە بێڕێزی:

(5) شەرمن کتێبەکەی گەڕاندەوە ؟ ( دو قوتابی باسی هاوپۆلێکی خۆیان دەکەن) بێلایەن

(6) ئارام کەی لە ئیش دەگەڕێتەوە؟ ( کاتێ ئارام باوکی پرسیارلێکراو بێ) بێڕێزی

ت– بەکارهێنانی ناوی کۆتایی(خێزانی) لە هەردو باردا :

کاتێ قسە لەسەر کەسایەتییە گشتییەکان دەکرێ، وەکو ئەرەکتەر، یاریزان و سیاسییەکان ئەوەی لەمبارەیەوە باوە تەنیا ناوی کۆتایی بەکاردێ وەك :

(7) تاڵەبانی بە نەخۆش کۆچی دواییکرد .

(8) نادال باشترین یاریزانی تێنسی سەرزەییە .

(9) بوش بەسەردانێك گەیشتە فرەنسا .

د– بەکارهێنانی ناوی یەکەم و ناوی کۆتایی لە هەردو باردا:

هەردوو ناوی یەکەم و ناوی کۆتایی بەکاربهێنە لەو بارودۆخە فەرمی و نافەرمیيانەی بەمەبەستی ئەوەی کە زیاتر دەسنیشانکراوبێت لە کاتی دیاریکردنی کەسەکەدا ، فەرمانبەرێك بە هاورێیەکی تری دەڵێت:

(10) ڕەشاد میران پلەکەی بۆ پرۆفیسۆر بەرزکرایەوە .

(11) کەمال خۆشناو بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بوو .

هونەرمەندێك بە برادەرەکەی دەڵێ :

(12) ئەوەی لەوێ دانیشتوە پەخشان زەنگەنە نییە ؟

لە کوردیدا نیشان و وشەکانی ڕێزداری لەزۆر باردا دەگەڕێنەوە بواری پارادایمی ناو و لە پرۆسەی ناونانی مرۆڤدا وەك ناوی تایبەتی بەکار دێن، وەك ( کاکە، بەڕێز، خاتون، خانم ، دارەوان، نوسەر، ئەندازیار، هونەرمەند....تاد).

## 2.3. نیشان، ئادرێس و ناسناو

ئەوەی توێژەری زمانەوانی لەم بوارەدا تێبینی دەکا ئەوەیە لە هەندێ سەرچاوەو لە هەندێ بەکارهێنانی ڕەمەکیدا جۆرێك لە تێکەڵی لە نێوان هەردوو زاراوەی نیشان و ناسناودا دەبینرێ، بەڵام پێویستە ئەم دوو زاراوەیە لێکجیابکرێنەوە بەوەی ناسناو بەشێکە لە پرۆسەی ناونانەوە، بەپێی:سیما، پیشە روداو....تاد لە چوارچێوەی کردەیەکی درێژدا بە ویست یان بێ ویستی خاوەن ناسناو. دەشێ ناسناو وەك کاردانەوەیەك هاتبێتە ئاراوە لەبەرامبەر نەتوانینی مرۆڤ بۆ گۆڕینی ناو ، چونکە کاتێك مرۆڤ نەتوانێ هێما دانراوەکان بگۆڕێ– بەو پێیەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیدایە– ئەوا لەلایەنێکی ترەوە هەوڵدەدا ویست و تێڕوانینی خۆی بەرامبەر هێمابۆکراو دەربڕێ بە دروستکردنی ناسناو(ارەزو جمال:2015 : 7). لەکاتێکدا نیشان پرۆسەی ناونانێکی فەرمییە و بە شێوەیەکی گشتیش لەدەرەوەی سنوری ئازادی و هەڵبژاردنی خاوەن نیشاندایە، بەدەر لە جێگە و دەرکەوتنی ناسناو نیشان لە رستەدا[10] تێڕوانین لە ناسناو ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە ناسناو زیاتر بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە پلەی یەکەمدا بۆناسینەوەی زیاترە و دواتر لە ئاستەکانی تری بەکارهێناندا لەگەڵ ڕێزداریدا پەیوەندار دەبێ. لە بەرامبەردا نیشان لە هەنگاوی یەکەمی بەکارهێناندا پەیوەندی بە( ڕێزداری، بێلایەنی یان بەڕێزی)یەوە هەیە بە پێی کۆنتێکستە جیاجیاکانی بەکارهێنان. ئەمە جگە لەوەی بۆماوە لە ناسناودا رۆڵ دەبینێ و هەرچی سەبارەت بە نیشانە بۆماوە رۆڵی لە دروستبونیدا نییە. ئەم لێکدانەوەیەی لێرەدا ئەم توێژینەوەیە خستویەتییە ڕو بەو واتایە دێ کە هەردو دیاردەکە لە سیمانتیکدا لە یەکتر جیاوازن، بەڵام لە پراگماتیکدا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و کۆنتێکست و بەکارهێنانی جیاجیا جوڵە بە ناسناو دەکەن بەرەو نیشان:

+مەلا عەلی ..... (مەلا) دەبێتە نیشان

+ئازادی مەلا ( کاتێ ئازاد کوڕی عەلی بێ ڕەنگە بەهۆی پرۆسەیەکی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیی– زمانییە وە مەلا ببێتە ناسناو بۆ ئازاد.

ئەم جوڵەیەی نیشان بەرەو ناسناو بابەتێکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە و لە پارەکانی دواتردا لەروانگەی پراگماتیکەوە شیدەکرێتەوە.

هەردوو زاراوەی ناسناو و نیشانیش لە بەکارهێنانی زمانییدا پەیوەندییان بەزاراوە و دیاردەی ئادرێسەوە هەیە، چونکە هەردوکیان ناسناو و نیشان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەو کەسەوە هەیە کە لە بازنەی ئاخاوتندا دەدوێنرێ(دەبێتە وەرگر). ئادرێس دیاردەیەکی واتاییە، لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی زماندا زۆر بڵاوە . سەرەڕای ئەمەش لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ. کاتێکیش کە دەگوترێ زاراوەکانی ئادرێس مەبەست ئەو کۆمەڵە دەستەواژەیەیە کە لە حاڵەتی ڕووبەڕوو قسەکردن و وەڵامدانەوە و کاردانەوەی داینەمیکیدا بەکاردێن (Khani:2011:5)

زاراوەکانی ئادرێس چەند شێوە هەڵسوکەوتێکی گوتەیی گرنگن لە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا وەکو هێمایەك (ئاماژەیەك) بۆ هەڵسوکەوتی کەسی بەرامبەر لەنێو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان بەکاردێ ( Leech : 1999: 83 ) ئادرێس بەرهەمی گەشەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنی ژیاری و شارستانیەتی کۆمەڵگەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تێڕوانین و جیهانبینی بەکارهێنەرانی زمان و ئەو شوێنکاتەوە هەیە کە ئاخاوتنی تێدا ئەنجامدەدرێ.

نیشان جۆرێکە لە ئادرێس و بە پشت بەستن بە دوو ئەرکە سەرەکییەکەی ئاماژەی پێدرا، هەر ئادرێسێك لە حاڵەتی بانگکردندا بێ و ئەو ئەرکە ببینێ، دەبێتە نیشان، کەواتە نیشان بریتیە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەکانی ئادرێس. زاراوەکانی ئادرێس ئەگەر لە حاڵەتی ڕاستەوخۆی ئاخاوتن و گفتوگۆکردندا و لە بەرامبەر کەسەکاندا هاتن دەبنە نیشان . هەرچی ئادرێسە گشتییە و بۆ جیاکردنەوە، ناسینەوەو چڕکردنەوەی ئاماژە لە حاڵەتی ناڕاستەوخۆ و بۆ کەسی سێیەم بەکاردێ .

نیشان بۆ چوار جۆر پۆلین دەکرێ[11]:

– ڕەگەزی وەکو : کاك – بۆ نێر ، خاتو – بۆ مێ ........... تاد

– ئاینی وەکو : مەلا ، شێخ ، سەید، حاجی ........ تاد

– تەشریفی ( شانازی – خانەدانی ) وەکو : ڕێزدار ، بەڕێز .....

– پیشەیی یان پلەو پایە وەکو: وەستا ، دکتۆر ، مامۆستا ، جەنەڕاڵ....

جیاوازی نێوان ئادرێس و ناسناو لەوەدایە کە نیشان و ئادرێس تایبەتن بە تاکەکان و لە باوکەوە بۆ مناڵ یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر نامێنێتەوە و پەیوەندییەکی گۆڕاوە و پشت بە شوێنکاتی ئاخاوتن دەبەستێ. هەرچی ناسناوە جێگیرە، فراوانە و هەندێکجار خێزان و بگرە خانەوادەیەکی گەورەش دەگرێتەوە و لە

نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە(Khani:2011:4)، کوڕی دکتور مەرج نییە هەڵگری نیشانی دکتۆر بێ، بەڵام کوڕی خۆشناوێك هەڵگری هەمان ناسناوە.

## 4.پاری سێیەم

### 1.4.پراگماتیکی نیشان و ئادرێس:

بەکارهێنانی زمان و بەرجەستەکردنی لە ئاخاوتندا بەیەکێك لە ئامانجە گرنگ و سەرەکییەکانی توێژینەوەی پراگماتیك دادەنرێ. واتە بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەردا بۆ گەیاندنی واتاو مەبەست، خۆی لە واتای پراگماتیکدا دەبینێ و لێکدانەوەی گونجاوی بۆ دەکرێ. لەبەرچاو گرتنی واتای پراگماتیکی بەشێکی زۆری کێشەو گرفتەکانی پەیوەندیکردنی پێ چارەسەر دەکرێ. زۆرجار ئاخێوەر لەسەروبەندی ئاخاوتن و لە ئەنجامی کارەکانیدا ڕۆژانە چەندین جۆری دەربڕین و ئاماژە ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی دەکا و خۆی بە واتای باوی سیمانتیکییەوە نا بەستێتەوە، ئەمەش وا لە گوێگر دەکا، کە پێویستی بە هۆکاری دیکەی یارمەتیدەر بێ، تاوەکو لە واتاو مەبەستی تەواوی دەربڕین و ئاماژەکانی قسەکەر بگا، واتە: پەیوەستبوونی بە دەوروبەر و کەرەسەکانی دیکەی دەوروبەر وەك ئەوەی کە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ڕۆشنبیریدا دەستەبەر دەبێ (محمد یونس: 2004: 14). هەروەها بەشێکی زۆر لە کردەی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ[12] دا پەیوەست دەکرێ بە بەها کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە. هاوکات وەك پێوەرێکیش بەکاردەبرێن بۆ ئەو جۆرە دەربڕینانەی کە لە ڕووی نەریتی کۆمەڵایەتییەوە بە نەشیاو و ناپەسەند دادەنرێن. بە واتایەکیتر بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانە لە لایەن نێرەرەوە جۆرە بێڕێزییەکی بەرامبەر بە وەرگر تێدایە. بۆیە لە هەندێ بارودۆخ و دەوروبەری تایبەتدا وشە و زاراوەکانی نیشان و ئادرێس بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەهای مرۆیی بەکاردەهێنرێن، یان بێڕێزی و سوك تەماشەکردنی ئاخێوەر بۆ بەرامبەرەکەی نیشاندەدا، بەمجۆرە دەبینین وشەکانی نیشان و ئادرێسە وەکو دەربڕینێکی زمانی نەشیاو، لەو بارودۆخانەدا چەمکێکی نێگەتیف دەگەیەنن، بەمەبەستی ڕونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە :

(13) مامۆستا ئارام لای بەڕێوەبەرە .

(14) مامۆستا فلان ئەمە خواردنی تۆنییە .

بە وردبونەوە لە ڕستەکانی 13 و14 ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە وشەی ( مامۆستا ) لە 13 دا وەك نیشان، دەربڕینێکی ئاساییەو بە واتای دروستی خۆی و بە بێلایەنی بەکارهاتووە ، کەچی لە ڕستەی 14 دا ئادرێسە و زیاتر واتای نێگەتیڤی هەیە و بۆ کەم تەماشاکردنی کەسی بەرامبەر دێ.

جۆرێکی تر لە بەکارهێنانەکانی نیشان یان ئادرێس ئەوەیە کە کاتێك سیفەتێك دەخرێتە پاڵ نیشانەکەوە زیاتر سیمای واتای پەیوەست بە لایەنی نێگەتیڤی بەپێی دەوروبەرەکە نیشاندەدا کە جۆرە کەمکردن و نزم تەماشاکردنی کەسی نیشانکراوی لەگەڵدایە ، هەروەها بێڕێزی و سوك تەماشاکردنیەتی .

(15) بەخوا مامۆستا فلان مامۆستایەکی عاقڵە !

(16) أ – دکتۆر ئاراس زۆر شارەزایە .

ب– ئاراس زۆر شارەزایە.

(17) بە کاکە دکتۆر بڵێ: نەخۆشەکە بێتە ژورەوە؟

(18) وەستا سەرکەوت لە ئیشەکە دەزانێ.

(19) وەستا شوان دەستی خۆش بێ کارێکی باشی بۆ کردوین.


لەم نمونانەی سەرەوەدا ڕستەی 15 واتایەکی نێگەتیڤی هەیە و زیاتر بێڕێزی نیشان دەدا. ڕستەی 16 أ– و ب– واتای ئاشکراو دیاریان هەیەکە لە واتای سیمانتیکی پێکهێنەرەکانیانەوە بەدەر دەکەون و وەك ڕستەیەکی هەوڵدان دەربڕدراون، بەڵام لە ڕستەی 17 دا هەردوو وشەی ڕێزداری و نیشان لە ڕوانگەی کردە قسەییەکانەوە لە روی مەبەستەوەجۆرێکی دیکەی کردە قسەیی دەنوێنێ بە پێی هەڵوێست و بارودۆخی گوتنەکە وا دەردەکەوێ ئاخێوەر مەبەستی ئەوە بێ کە زیاتر ڕێز لە بەرامبەرەکەی بگرێ.

لە ڕستەکانی 18 و 19 دا ئاخێوەر بە شێوەیەکی ئاسایی گوتنەکەی دەربڕیوە واتایەکی سیمانتیکی دەدا،ئەگەر نیشانکراوان(سەرکەوت و شوان) ئیشەکەیان بە باشی ئەنجام دابێ، بەڵام ئەگەر نیشانکراوان کارێکی باشیان ئەنجام نەدابێ ئەوکات گوتنەکە سیمانتیك دەبەزێنێ و دەبێتە توانج بۆ سەرکەوت و شوان. ئەمەش بە ئاشکرا ڕۆلی سیاق و پراگماتیك دەردەخا لە جوڵەی واتایی ئەم زاراوانەدا.

### 2.4. میتافۆری نیشان و ئادرێس:

میتافۆر لادانی واتایی وشەیەکە، لەو واتایەی کە بۆی دانراوە( واتای فەرهەنگی ) بۆ واتایەکی تر. وەك میکانیزم ئەو پرۆسەیەیە کە تیایدا ئاماژەی وشەیەك لە بواری سیمانتیکەوە دەگۆڕێ بۆ بوارێکی تر (Misbah :2001: 14). وەك زاراوەش بە وشەیەك دەگوترێ کە بە واتای فەرهەنگی بەکار نەهاتبێ. واتای میتافۆری Metaphorical meaning یش بەڕێگەیەکی باو و فراوان دادەنرێ لە گەشە و گۆڕانی واتایی وشەدا. واتە بەشێکی ئەو گۆڕانانەی کە بە ڕێگەی میتافۆرەوە بەسەر واتای وشەکاندا دێ دەکرێ لە وشە و زاراوەکانی نیشان و ئادرێسیشدا لێکبدرێنەوە چونکە ئەو وشانەی، یان ئەو ناوانەی، کە بۆ واتایەك بەکاردێن هەموویان بە جارێك و بە یەك قۆناغ بۆ ئەو مەبەستە دانەنراون، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ژیانی وشەکەدا پەرەیان سەندووە و بە پێی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتوون. دیارە لێرەشدا ئەو وشانە

مەبەستە کە لە سەرەتادا بۆ ناونانی شتێك بەکارهاتوون و واتای فەرهەنگیی وشەکەیان هەڵگرتووە پاشان بە ڕێگەی مێتافۆری ناوی تریان بۆ زیاد کراوە. ئەو ناوە زیادانەش پاش سەرهەڵدان و بەکارهێنانیان، لەگەڵ واتا بنجیەکەدا بوونەتە هاوواتای وشەکە[13].
زمانەوانە دێرین و نوێیەکان ئەوەیان ڕەچاو کردووە کە واتای ڕاستەقینە و میتافۆری وشەکان مەسەلەیەکی چەسپاو و ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە و شایەنی گۆڕانن، چونکە هەمیشە لە بزووتنەوەیەکی بەردەوامدان و سیماکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، واتە ئەوەی ڕاستەقینەیە دەبێتە مێتافۆر، یان ئەوەی مێتافۆرە دەبێتە ڕاستەقینە. پێوانەی ئەم بارەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوت و نەریتی زمانی و بەکارهێنانیان لە ناو خەڵکدا (حاکم لعیبی:1980 :101) واتە ناونانی مێتافۆری بۆ هەر هۆکارێکی زمانی، یان نا زمانی بگەڕێتەوە، وای لە ئاخێوەران کردووە، ئەو ناوە هەمە جۆرانە بە ڕێگەی مێتافۆر لەو شتە بنێن.
مێتافۆر ئەگەر چی هۆیەکە بۆ دروست بوونی زۆربەی ئەو واتایانەی کە بۆ تاکە وشەیەکی زمانی دادەنرێن، بەڵام خێرا لە بیر دەچنەوە، بەمەش واتا نوێیەکە کە بە ڕێگەی مەجازەوە هاتۆتە ناو وشەکەوە لە ڕووی دروستیەوە کەمتر نییە لە واتای یەکەمی، یان پێشووی وشەکە، کە هەی بووە(فندریس:2014 :228). کەواتە بە تێپەڕبوونی کات و بەکارهێنانی بەردەوامی ئەو مێتافۆرانە لە زماندا، لایەنی واتای فەرهەنگییان لەبیر دەچێتەوە و دەبنە واتای ڕاستەقینە بۆ وشەکە. زۆر جاریش بێ ئەوەی ئاخێوەر هەستی پێ بکا مێتافۆرەکە بەکاردەهێنێ و وەك واتای ڕاستەقینەی وشەکەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا.
ئەوەی تایبەتە بە مێتافۆری نیشان لە ڕاستیدا زیاتر لە هەنگاوی بەکارهێنانی نیشاندا وەك ئادرێس ڕودەدا بەوەی کاتێك نیشانێك وەك ئادرێس بەکاردێ بۆ کەسێ کە هەڵگری واتای فەرمی ئەو نیشانە نەبێ بەمەش وشەکە ( وشەی نیشان) لە واتا فەرهەنگییەکەی دور دەکەوێتە و واتایەکی مێتافۆری وەردەگرێ:




هێڵکاری ژمارە (1)

بۆ نمونە لە رستەی
(20) مامۆستا خۆت لادە . (کاتێ وشەی مامۆستا بۆ کەسێك بەکار بێ کە بە فەرمی خاوەن ئەو پیشەیە نەبێ)
وشەی مامۆستا لە 20 دا بوەتە ئادرێس و دواتر بۆتە مێتافۆر لەبەر ئەوەی وەکە سیمانتیکی بەزاندوە و لە واتای فەرهەنگی خۆی دورکەوتۆتەوە و جیاوازی لە بەکارهێنانی وشەی مامۆستا لە 13 دا.
(21) ئاغا بە خێر بێی .
رستەی 21 وشەی نیشان بوەتە ئادرێس و ئەگەر لە ئادرێسکراو بە فەرمی لەروی پلەی کۆمەڵایەتییەوە ئاغا نەبێ، وشەی ئاغا دەبێتە مێتافۆر و واتای پێچەوانەی دەبێ .
(22) مامۆستا عەلی بەخێر بێی/ بەخێربێن[14]
لە 22 دا وشەی مامۆستا نیشان بۆ عەلی ( ئەگەر عەلی مامۆستا نەبێ و مەلا بێ) نیشانی مامۆستا لە نیشانێکی پیشەییەوە پەڕیوەتەوە بوارێکی تری واتایی کە ئاینییە و لێرەدا ڕێزداری دەگەیەنێ_ بەوپێیەی هەندێ لە مەلاکان وشەی مەلا یان پێ پەسەند نییە و وای دەبینن واتای لاوەکی نێگەتیڤی هەیە_.

### 5. ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك کە گرنگترینیان دەکرێ لەم خاڵانەدا کۆبکرێنەوە :
1– بەشێکی زۆری وشەکانی نیشان و زاراوەکانی ئادرێس وەك ئامرازێکی هاوبەش لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا بەکاردەبرێن، کە بە هۆی باری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان کەسەکان و سەرنج و تێڕوانینیان سەبارەت بەو نیشانانە دەخرێنەڕو.
2– مەبەستە واتاییەکانی نیشان و ئادرێس بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن و ئەو کۆنتێکستەی ئاخاوتنەکەی تێدا بەکار هاتوە دەگۆڕدرێن و واتا پراگماتیکییەکانی لەو کۆنتێکستانەوە سەرچاوە دەگرن کە تیایدا بەکاردێن.
3– سەرباری واتا و زانیاریەکانی تایبەت بە نیشان یان ئادرێسەوە کە پەیوەستە بە واتای سیمانتیکییەوە، بەشێکی زۆری واتاکانیان لە دەربڕیندا بەچەند دیاردەیەکی دیکەی ئاخاوتنەوە بەستراون، بەتایبەتی ئەو سیمایانەی کە وتەکانی زمان بە شێوەیەکی شاراوە لەپەیوەندیکردندا هەڵیدەگرێ، دەکرێ بەپێی دەوروبەری ئاخاوتنەکە دیاریبکرێ، واتە بەکاربردنی ئادریس ونیشان بەوەی کە

سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت بۆ ئەو مەبەستەی کە نێرەر گرنگی پێداوە.

4– بەکارهێنانی ئادریس ونیشان و پەرێنەوەیان لە سیمانتیکەوە بۆ پراگماتیك بە ئاراستەی – ڕێزگرتن، بێلایەنی و بێڕێزی – بەپێی کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپ بەڕێوەدەچن، بەشێك لەو بنەمایانەش پەیوەندییان بە بەها کلتوری و کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، کە بەهۆی ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەی وتە و دەربڕاوەکانی تێدا دەخرێنەڕوو، لە مەبەستە ئەرێنی یان نەرێنیەکە تێدەگەین. بۆیە هەر لادانێك لەو بنەمایانە لە ئاخاوتندا لایەنی نەرێنی (بێڕێزی) یان کەم بینینی بەرامبەرەکە نیشاندەدات.

5– نیشان و ئادرێس و ناسناو لە کوردیدا لە کردەیەکی واتاییی بەردەوامدان و نیشان لە هەندێ باردا دەبێتە ناو یان بەشێك لە ناو(proper name).

6– نیشان لە کوردیدا پاش ئەوەی دەبێتە ئادرێس ئەگەر سیمانتیکی بەزاند دەبێتە مێتافۆر و واتایەکی مێتافۆری ( رێزداری، بێلایەن یان بێڕێزی) وەردەگرێ.

## 6.پەراوێز

1. مەبەست لە چڕکردنەوەی ئاماژە ئەوەیە کە کاتێ ناو لە کەسێك، شتێ یان دیاردەیەك دەنرێ ،مرۆڤەکان بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە دەیانەوێ لەناو ئەو کەس، شت و دیاردانەدا ئەو توخمە بناسنەوە کە ناویان لەسەر داناوە و ئاماژەکەی چڕبکەنەوە لەبەر ئەوەی ناوە گشتییەکان فرە ئاماژەن، (مرۆڤ) ئاماژە بەهەمو مرۆژەکان دەکا کە هەبون، هەن و دەبن. ئەمەش پەیوەندییەکی یەکجار زۆر لەئاماژە لەنێوان ناو و ئەو کەرەستانەدا دروست دەکا، کە ناوەگشتییەکە ئاماژەی پێ دەکا، بۆیە لەقۆناغی دوەمدا مرۆڤ دێ بە بەکارهێنانی ناوێکی تایبەتی_ وەك جوان_ ئاماژە چڕدەکاتەوە، تا لەناو هەمو مرۆڤەکاندا تەنیا یەك جوان _ یان تەنیا ناو (جوان)ەکان_ بمێننەوە. بەمەش لەناو هەمو ئەو ئاماژانەدا ژمارەیەکی دیاریکراو ئاماژە دەمێنێتەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دیاردەی ناسناو و نیشان دروست بون تا لە نێوان هەمو ناو(جوان)ەکاندا یەك جوان بمێنێتەوە وەك : جوان خۆشناو، یان مامۆستا جوان.

2. جگە لەمانە ئادرێس بەهۆی بەکارهێنانی تەخەلوس، ناوی ناوبانگ، بەکارهێنانی جێناوەکانەوە دێتەدی .

سەد حەیفێ کە تۆ <u>**نالی**</u> بەم پیرییە مندالّی

بەم تەرزە لەعیشق ئەدوێیی ، زیبا کچ و دێبا کوڕ (دیوانی حەریق ..... ل 43 )

**لۆکە**، کەی دەستت بەگۆرانی کرد؟

**ئێوە** بۆ بەشداری لەکاری هونەریدا ناکەن

3. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بابەتی 2–2 لەم توێژینەوەیە.

4. لەسەرەتای باسکردنی ئەم بابەتانەدا باشترە زاراوەکانی( ئادرێس، ئادرێسدەر و ئادرێسکراو) لێکتر جیابکرێنەوە بەوەی ئادرێس ناوی پرۆسەکەیە، ئەو پرۆسە زمانییەی کە تیایدا ئاخێوەر – یان نوسەر– روی دەمی لە کەسێکی دیاریکراو دەنێ. هەرچی سەبارەت بە زاراوەکانی ئادرێسدەر و ئادرێسکراوە: ئادرێسدەر ئاخێوەر یان نوسەرە و ئادرێسکراو جەمسەرەکەی تری بازنەی ئاخاوتنە و ئەو کەسەیە کە ئادرێسەر روی قسەی لێ دەنێ(Finch:2000:201:).

5. بانگکردن کاتیگۆرییەکی رێزمانییە و بریتییە لە گرێیەکی ناوی کە ئاماژە بە ئادرێسکراوی ئاخاوتن_ کەسی دوەم_ دەکا، بەڵام لەروی سینتاکسی و سیمانتیکییەوە بە ئارگیومێنتێکی گوزارەیی دانانرێ بەڵکو زیاتر دەکەوێتە دەرەوەی رۆنانی رستەوە(Livenson:1997:71).

6. بانگکردن دابەش دەبێ بۆ: ( ڕوتێکراو addresses)، (بانگهێشتکراو summonses) و (بانگکراوcalls ) (Zwicky:48:1974).

7. مەبەست لە پەیوەندیکردنی گوتەیی بەکارهیچنانی زمانی دەنگیی و ناوگوتەیی زمانی نوسینە.

8. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://bohoutmadrassia.blogspot.com/2014/02/blog-post_7508.html

9. مەبەست ئەوەیە بەکارهێنانی ناوی یەکەم لە دەوروبەری نافەرمی و هاورێیەتیدا ، نە بێڕێزییە نە رێزدارییە لە پلەی یەکەمی ئەم بەکارهێنانەدا.

10. مەبەست ئەوەیە شوێنی دەرکەوتنی ناسناو و نیشان لە زمانی کوردیدا جیاوازن و ناساو پاش ناو دێ و نیشان پێش ناوەکە دەکەوێ:

هۆشیار خۆشناو

سەرهەنگ هۆشیار

11. بڕوانە:

Khani,S. and Yousefi, R. (2011),The study of address terms and their translation from Persian to English, Shahid Bahonar University of Kerman, Iran.

12. بەڕای ئۆستن گەیاندنی مەبەستی نێرەرە لە ئاخاوتندا دو جۆر کردەی سەرەکی لەخۆ دەگرێ راستەوخۆ و ناراستەوەخۆ ( بروانە: Austin, John L. 1962. How to do things with words. Oxford: Clarendon Press.)

13. نمونەیەکی زۆری ئەم جۆرە وشانەش لە کوردیدا بەرچاودەکەوێ، وەك:دەستکورت ، گوێدرێژ ، داوێن پیس، دوزمان، چاوقایم، دەست بڵاو، پشت ئەستور، لوت بەرز .... تاد.

14. هەرچەندە بە گشتی و بە شێوە سروشتییەکەی رێزداری لەکوردیدا بە جێناوی کۆ _وەك ئێوە لە بری تۆ_ دەرنابڕدرێ، بەڵام لە هەندێ ناوەند و لای هەندێ ئاخێوەر بەهۆی کاریگەربون بە کەلتوری گەلانی زمانە (تی ڤی) یەکان، بەکارهێنانی بەخێربێن لە بری بەخێربێی دەکرێ ببیسترێ.

## 7. سەرچاوەکان

### 1.7.بە زمانی کوردی:

ارەزو جمال خضر ( 2015 ) ناسناو لە زمانی کوردیدا– توێژینەوەیەکی واتاسازی، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

ئاڤێستا کەمال ( 2009) پڕاگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

هۆگر محمود فەرەج ( 2000 ) پڕاگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

### 2.7.بە زمانی عەرەبی:

أرمينكو، فرانسوا،(1987) ، المقاربة التداولية،ت: دزسعيد علوش، مركز الانماء القومي.

بالمر . اف . ار (1981) ، علم الدلالة ، ت : مجيد الماشطة ، مطبعة العمال المركزية، بغداد .

جون لاينز (1987) ،اللغة و المعنى و السياق ،ت : عباس صادق الوهاب ، دار الشؤون الثقافية العامة ،بغداد .

حاكم مالك لعيبي ( 1980 ) ، الترادف في اللغة ، دار الحرية للطباعة ، بغداد .

خولة طالب الابراهيمي ( 1997 )، قراءة في اللسانيات النصية ، مجلة اللغة والادب، العدد ( 12 ) ، الجزائر .

محمد محمد يونس،( 2004)، مدخل الى اللسانيات،الطبعة الاولى، دار الكتب الجديدة، بيروت، لبنان .

فندريس،(2014)، اللغة، ت: عبدالحميد الدواخلي و اخرون، المركز القومي للترجمة.

محمود أحمد نحلة، (2002)، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر ،كلية الاداب ، جامعة الاسكندرية ، دار المعرفة الجامعية، مصر.

محمد فخرالدين، (2012) ، قراءة سيميائية في دلالة الاسم المغربي، نشر في أخبار بلادي يوم 12 – 01 – 2012 : https://www.maghress.com/khbarbladi/10359

### 3.7.به زمانی ئینگلیزی:

Anderson, John (2007), The Grammar of Names, Oxford: Oxford University Press.

Austin, John L. 1962. How to do things with words. Oxford: Clarendon Press. Company.

Finch G.,(2000),Linguistic Terms and Concepts, Macmillan press. USA.

Khani,S. and Yousefi, R. (2011),The study of address terms and their translation from Persian to English, Shahid Bahonar University of Kerman, Iran.

Leech G.(1996),Principals of Pragmatics, Longman Publishing, New York.

Livenson C.S.(1997),Pragmatics, Cambridge , Cambridge University Press.

Lyons, J; (1977); semantics; Cambridge University press , Volume 2.

Misbah M.Al-Sulaiman,(2001),Semantics and Pragmatics, University of Musil, Iraq.

Palmer, F.R. (1981); semantics; A new outline; New York; Cambridge University pres.

Webster's New World College Dictionary(2014), Fifth Edition , Houghton Mifflin Harcourt Publishing

Yule G.,(2000),Pragmatics, Oxford University Press.

Zwicky, A.(1974),Hey, Whatsyname! Proceeding From the Tenth Regional Meeting of the Chicago Linguistics Society.

### 4.7.ئینتەرنێت:

http://bohoutmadrassia.blogspot.com/2014/02/blog-post_7508.html

## تداولية العنوان و اللقب في اللغة الكردية

**الملخص:**

يستوي هذا البحث على مجموعة من المصطلحات التي تدل على العنوان و اللقبفي اللغة الكردية مع وصف و تحليل لتلك التغيرات الدلالية التي تحدث في الالفاظ و المصطلحات من وجهة نظر التداولية. يتضمن هذا البحث مقدمة و نتائج مع ثلاث مباحث. المبحث الاول يتناول وصف العنوان و اللقب بصورة عامة و من ثم طرح بعض الموضوعات الدلالية الخاصة بعملية التسمية. اما المبحث الثاني فيحلل اسلوك الدلالي للعنوان و مصطلحات اللقب في عملية الاتصال اللغوي و من ثم تحديد التميز بين العنوان، النداء، اللقي و الكنية فيما بينهم. و المبحث الثالث يسلط اضوء مجاز العنوان واللقب وكذلك يشير الى تلك التعبيرات المجازية المستعملة التي لا تتقابل مع معانيها المعجمية و يحاول البحث توضيح عملية عبو المصطلحات من المجال الدلالي صوب المجال التداولي. و كذلك يشير الى ظاهرة تحويل الالفاظ و التعبيرات اللغوية للعنوان و اللقب الى اسماء علم. يختتم البحث بجملة من النتائج التى توصل اليها.

**الكلمات الدالة**: العنوان، التسمية، اللقب، المجاز.

## The Pragmatics of Title and Address in Kurdish language

## Abstract:

The paper attempts to shed lights on address and title terms in Kurdish language, it also describes and analyses pragmatically the semantic changes on lexemes and terms. The paper consists of three parts, apart from introduction and conclusion. The first part generally describes title and address, it also describes certain topics relating to semantics deixis, types of social deixis, title and noun and address and noun. The second part analyses semantically titles and address terms, it also draws a distinction between titles, address and nicknames. The third part focuses on metaphorical use of title and address, it highlights the metaphorical expressions that do not match with dictionary entries. The paper also attempts to identify title address movement, i.e. it focuses on those lexemes and terms that lost their semantic values and gains their pragmatic ones (honorific and derogatory). Finally, the paper tackles cases where lexemes, title and address become proper name.

**Keywords:** Title, Naming, Address, Surname, Metaphor.